بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (٢٦٣) لە ٢٠٢٤/٩/١١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەبەر ڕۆشنایی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی هاوبەشی نێوان ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ و ئەنجومەنی ئابووری لە هەرێمی کوردستان لە ڕۆژی ٢٠٢٤/٩/٩، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٣٩) لە ٢٠٢٤/٩/١١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ بەردەوامبوونی کارکردنی لیژنە هاوبەشەکانی نێوان وەزارەت و کەرتە پەیوەندیدارەکان لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی و هەرێم بۆ تەواوکردنی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە لە پێناو گەیشتن بە لەیەکتێگەیشتنی هاوبەش کە لە بەرژەوەندیی هەموو هاووڵاتییانی عێراقدا بێت لە چوارچێوەی دەستوور لە بوارەکانی (ڕۆژژمێری کشتوکاڵی، مۆڵەتی هەنارده و هاوردەکردن، مۆڵەتی کارگەکان، تۆمارکردنی کۆمپانیاکان و ناو و ناونیشانی بازرگانی، پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی، ڕێگرتن لە دووبارە وەرگرتنەوەی باج، پۆلێنکردنی بەڵێندەران، یەکخستنی مووچە و شایستە و ئیمتیازاتی سوودمەندانی تەرخانکراوەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی و کەرتی بانکی، بابەتی دەروازە سنوورییەکان، گومرگ، و دۆسیەی نەوت و وزە).

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم لە بەغداد بەدواداچوون و هەماهەنگیی پێویست سازدەکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران